وتەی بەڕێز دکتۆر عەلی سندی، وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لە کۆنفرانسی لامەرکەزیەت و حوکمی خۆجێی لە ٢٠١١/٦/١٤ لە هەولێر پێشکەشیکرد

بەڕێزان ئەم کاتەتان باش

پرۆسەی دیموکراسی یەکێکە لە سیما دیارەکانی عێراقی نوێ. یەکێکیش لە مەرجە بنەڕەتییەکانی هەر دیموکراسییەکی سەرکەوتوو هەبوونی لامەرکەزیەتە، چونکە جەوهەری دیموکراسی ئەوەیە کە خەڵک بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن. بۆ بەدیهێنانی ئەمە، پێویستە پرۆسەی بڕیاردان هەتا دەکرێت لە خەڵکەوە نزیک بێت. لامەرکەزیەت گرنگی زۆری هەیە وەک یەکێک لە میتۆدە کاریگەرەکان بۆ پێشکەشکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی مافی رەوای هاووڵاتیانە.

لە عێراق میراتی سیستەمێکی مەرکەزی تووندمان بۆ بەجێماوە، لەبەرئەوە بەدیهێنانی لامەرکەزیەت پێویستی بە خۆتەرخانکردن و ماندووبوون هەیە. پێویستە لامەرکەزیەت لە دوو ئاستدا بینین کە تەواوکەری یەکترن: ئاستی هەرێمی و ئاستی پارێزگاکان. هیچ کام لەم ئاستانە تەواو نییە بەبێ هەبوونی ئاستەکەی تر.

ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند هەنگاوێکمان ناوە لەم بوارەدا. بەڵام پێویستە سەیری ئەم هەنگاوانە بکەین تەنها وەک تاقیکردنەوە و سەرەتا و پێویستە بزانین کە چەندین هەنگاوی ترمان ماوە. بۆئەوەی لامەرکەزیەت سەرکەوتوو بێت و بگونجێت لەگەڵ پێداویستی و خواستی

هاووڵاتیان، پێویستە هاوکاری دروست بکەین لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەند و هاوکارە نێودەوڵەتییەکانمان.

ئەگەرچی پرۆسەی لامەرکەزیەت بە سروشتی خۆی سیاسییە، بەڵام مەبەستی ئێمە ئاوڕدانەوەیە لە کاریگەرییەکانی لەسەر پرۆسەی پەرەپێدان. لەبەرئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری پارێزگاکان دەکات بۆ گێڕانی رۆڵی راستەقینەی خۆیان لە پرۆسەی پەرەپێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتیدا.

وەزارەتی پلاندانان دیدگایەکی هەیە بۆ لامەرکەزیەت لە هەرێمی کوردستان. لەساڵی داهاتوەوە بڕێکی دیاریکراو لە بودجەی هەرێم تەرخان دەکرێت بۆ پرۆژەی کۆمەڵەی ناوچەکان. جۆری پرۆژەکان لەلایەن دانیشتوانی ناوچەکانەوە بڕیاریان لەسەر دەدرێت، هەروەها دانیشتوانی ناوچەکان بەشدار دەبن لە جێبەجێکردن و چاودێریکردنی پرۆژەکان. ئەگەرچی پێشتر پرۆژەکان بۆ کۆمەڵگەی ناوچە جیاوازەکان ئەنجامدراون، بەڵام ئەوەی ئەم پرۆژەیە جیادەکاتەوە زیادبوونی ئاستی بەشداری هاووڵاتیانە لە بڕیارداندا.

لێرەدا جێگەی ئاماژەیە کە هاوکارە نێودەڵەتییەکانمان زۆر هاوکاربوون لەم بوارەدا. پرۆژەی گرنگیان ئەنجامداوە وەک پرۆژەی پەرەپێدانی ناوچەکان بەسەرۆکایەتی (UNDP)، پرۆژەی پلانی کاری کۆمەڵایەتی لەلایەن (USAID)ەوە هەروەها پرۆگرامی حکومەتی خۆجێی لەلایەن (RTI)ەوە.

لێرەدا دەخوازم تێشک بخەمە سەر پرۆگرامی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەڕاوێژ ( Consultative Service Delivery

(Program که لەلایەن بانکی جیهانی و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کۆمەک کۆمەڵگە ناوچەییەکان جێبەجێی دەکەن بەهاوکاری و رێکخراوی (ACDI/VOCA). ئەم پرۆژەیەمان هەڵبژارد بۆ باسکردن چونکە پرۆژەیەکی سەرکەوتووە لە دوو ڕووەوە: یەکەم سەرکەوتووە وەک پرۆژەیەکی لامەرکەزیەت و دووەم سەرکەوتووە وەک پرۆژەپەکی هاوبەشی نێوان وەزارەت و هاوکارە نێودەڵەتییەکان.

هەرلەم دەرفەتەدا دەخوازم سوپاسی پارێزگاری هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم بکەم بۆ پاڵپشتی بەردەوامیان بۆ سەرخستنی پرۆژەکە: بەڕێز نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر، بەڕێز بەهرۆز محمد ساڵح پارێزگاری سلێمانی، هەروەها بەڕێز تەمەر رەمەزان پارێزگاری دهۆک.